گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پەیوەندی سەرمایەی کۆمەڵایەتی بە ڕەزامەندی پیشەیی لای مامۆستایانی زانکۆ- تویژینەوەیەکی مەیدانییە لە زانکۆ حکومییەکانی شاری هەولێر

**بەسیدە حیدر انور**

قوتابی ماستەر، بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، کوردستان، عێراق

basida.anwar@su.edu.krd

**پ. د طاهر حسۆ زێباری**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، کوردستان، عێراق

tahir.zebari@su.edu.kurd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/٩/١٠

پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٠/٢٣

بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**

Social Capital, Trust, Job Satisfaction, Cowerker, Quality of life

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.3.2

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵی تاوتوێکردنی پەیوەندی سەرمایەی کۆمەڵایەتی بە ڕەزامەندی پیشەیی لای مامۆستایانی زانکۆ دەدات. کۆمەڵگای توێژینەوەکە مامۆستایانی زانکۆ حکومییەکانی سنووری شاری هەولێر کە بریتین لە ( زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر و زانکۆی هەولێری پزیشکی). لە ڕێگای نموونەی هەڕەمەکی چینایەتی گونجاو (340) مامۆستا وەکوو نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراوە و توێژەران بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ورد و زانستی میتۆدی وەسفی شیکارییان بەکارهێناوە. هەروەها لەم توێژینەوەیە لە گەڵ پێوانەکردنی ئاستی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و ڕەزامەندی پیشەیی لای بەشدارانی نموونەکە، هەوڵدراوە کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆی سەرمایەی کۆمەڵایەتی ( لە ڕێگای چۆنایەتی ژیان وەکو گۆڕاوێکی نێوەندگر) لە سەر ڕەزامەندی پیشەیی بدۆزرێتەوە. هەروەها بۆ شیکردنەوەی ئەو داتایانەی کە لە بەشدارانی نموونەی توێژینەوەکە کۆکرایەوە، توێژەران سوودیان لە دوو پرۆگرامی (SPSS and AMOS) وەرگرتووە، کە گرینگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتیبوون لە: ڕەهەندی بونیادی و ڕەهەندی مەعریفی لە پێوەری سەرمایەی کۆمەڵایەتی کاریگەری بەڵگەداری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاماریان لە سەر ڕەهەندەکانی بەڕێوەبەری و هاوکاران لە پێوەری ڕەزامەندی پیشەیی هەیە و کاریگەرییەکەش ڕاستەوانەیە. هەروەها ڕەهەندی پەیوەندی کاریگەری بەڵگەداری ئاماری لە سەر هیچ یەک لە ڕەهەندەکانی ڕەزامەندی پیشەیی نیە..

## 1_ پێشەکی:

سەرمایەی کۆمەڵایەتی یەکێک لەو چەمکانەیە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم لە بواری زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان زیاتر گرینگی پێدرا، کە هەڵگری کۆمەڵێک واتایە وەکو ( متمانە، یارمەتیدان، نۆرمەکان، تۆڕی کۆمەڵایەتی، پابەندی و چاوەڕوانی) ئەمەش بەرئەنجامی یەکتر ناسین و کارلێکی نێوان تاکەکانە و بە تێپەڕبوونی کات فراوانتر دەبێت کە هۆکارێکە بۆ پتەوبوونی پەیوەندی نێوان تاک وگروپەکان. هەروەها بە پردی بەستنەوەی زانستەکانی سیاسەت، ئابووری و کۆمەڵناسی دادەنرێت و توانیویەتی ببێتە یەکێک لە بابەتەکانی پەرەپێدانی کۆمەڵگا، کە کاریگەری بەرچاوی لە سەر کەمکردنەوەی تێچووی ئاڵوگۆڕی زانیاری، ئاسانکاری و باشتر کردنی پەیوەندییەکان، خێرایی لە ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان بووە. بەتایبەتی یەکێک لەو بوارانەی کە سەرمایەی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی کاریگەر و گرینگی هەبووە، بواری دامەزراوەییە، و لە نێو دامەزراوەکان ڕێگەخۆشکەرە بۆ باشتربوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان تاکەکان و لە ئێستادا وەکو هۆکارێکی کۆمەڵایەتی کاریگەر لە سەر پەیوەندی و جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی دامەزراوەکان باس دەکرێت. ئەم جۆرە لە کارلێک و پەیوەندیی لە دامەزراوەکان کاریگەری لە سەر ڕوانگە و هەستی تاک بۆ پیشەکەی دەبێت و هەست کردن بە ئاسودەیی و دڵخۆشی لە پیشە بە هۆکاری بەردەوامی و مانەوەی تاک لە شوێنی کارەکەی دادەنرێت.

### 1_1: گرفتی توێژینەوەکە:

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی دوای ساڵی (٢٠٠٣) بە هۆی باشتر بوونی بارودۆخی ئابووری، گۆڕانکاری بەرچاو لە شێوازی ژیانی تاکەکان دروست بوو، ئەمەش کاری کردە سەر گەشەسەندنی سەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و بەرزبوونەوەی ئاستی ئابووری و خۆشگوزەرانی هاووڵاتییان، بەتایبەتی مامۆستایان و فەرمانبەران. بەڵام لە ساڵی (٢٠١٤) بەولاوە بە

هۆی شەڕی داعش هەروەها لە دوو ساڵی ڕابردوو بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کرۆنا، سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری و خراپ بوونی گوزەرانی خەڵک، دواکەوتنی مووچە، نارێک بوونی کات و ڕۆژەکانی کارکردن کاریگەری بەرچاوی لە سەر چۆنایەتی ژیان و ڕەزامەندنی تاک لە پیشەکەی و کارلێک و پەیوەندنی نێوان تاکەکان و چۆنیەتی ئەنجامدانی کار و ئەرکەکانی هەر تاکێک لە شوێنی کارەکەی هەبوو .

ئەنجامی زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە سەرمایەی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی بەهێزکردنی چالاکی دامەزراوەکان و تاکەکان بە سود وەرگرتن لە شێوازە جیاوازەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی، بە هۆیەوە لە دامەزراوەکەیان هەست بە دڵخۆشی و ئاسودەیی بکەن و ئاستی ڕەزامەندیان بەرامبەر پیشەکەیان بەرزتر بێت. یەک لەوانیش توێژی مامۆستا بەتایبەتی مامۆستایانی زانکۆ کە ڕۆڵێکی گرینگیان لە سیستەمی پەروەردەیی هەر وڵاتێک هەیە و ڕەزامەندنی ئەوان لە پیشەکەیان دەتوانێ کاریگەری بەرچاوی لە سەر بەرەوپێشچوونی ئامانجە پەروەردەییەکانی هەر وڵاتێک هەبێت، بە هۆی ئەو ئەرکە گرینگەی کە هەیانە لە پێگەیاندنی نەوەی نوێ و ئامادەکردنیان بۆ لە ئەستۆ گرتنی بەرپرسیارێتی لە کۆمەلگا .

بۆیە لە بارودۆخی ئێستای کوردستان و گرینگی ئەم چەمکانە لە ژیانی هەر تاکێک بە تایبەتی لە ناوەندە ئاکادیمیەکان، توێژەر لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی وڵامدانەوەی چەند پرسیارێک دەدات: ئاستی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لای کۆمەڵگای توێژینەوەکە چەندە؟ ئاستی ڕەزامەندنی پیشەیی لای کۆمەڵگای توێژینەوەکە چەندە؟ چ پەیوەندییەک لە نێوان سەرمایەی کۆمەڵایەتی و ڕەزامەندنی پیشەیی هەیە؟ ئایا لە ڕێگای چۆنایەتی ژیان پەیوەندی ناڕاستەوخۆ لە نێوان سەرمایەی کۆمەڵایەتی و ڕەزامەندنی پیشەیی هەیە؟ ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافیەکانی ( ڕەگەز و بڕوانامە ) لە سەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە چۆنە؟

### 1_2: گرینگی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە وەکو هەموو توێژینەوەیەک لە دوو ڕەهەندی تیۆری و پراکتیکی گرینگی تایبەت بە خۆی هەیە. **لە ڕووی تیۆرییەوە؛** خستنەڕووی تیۆرەکانی دوو گۆڕاوی سەردەمیانە کە لە نێو بواری توێژینەوە سۆسیۆلۆژییەکانی کوردستان تا ئاستێکی زۆر فەرامۆشکراوە، بەمەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەند کردنی سەرچاوە لە بوارەکانی کۆمەڵناسی گشتی، کۆمەڵناسی ئابووری و دەروونزانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵایەتی. **گرینگیە پراکتیکییەکانی** ئەم توێژینەوەیە؛ بۆ سەرجەم دامەزراوە حکومی و تایبەتەکانە لە ڕەخساندنی دەرفەت و ژینگەکەی گونجاو بۆ فەرمانبەران و ئەندامانی دامەزراوەکان، بە مەبەستی بەرەوپێشچوون و دەستەبەر کردنی ئامانجەکانی دامەزراوەکە. و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەتوانن سوود لەم توێژینەوەیە وەربگرن لە پلانی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان.

**1_3: ئامانجی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا توێژەران هەوڵی تاوتوێ کردنی چەند ئامانجێک دەدەن کە بریتیە لە: پێوانە کردنی ئاستی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و ڕەزامەندی پیشەیی و چۆنایەتی ژیان لای بەشدارانی نموونەکە. هەروەها دەستنیشان کردنی بڕی کاریگەرییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە سەر ڕەزامەندی پیشەیی.

## 2: چەمکەکانی توێژینەوەکە (Research Concept):

### 2_1: سەرمایەی کۆمەڵایەتی (Social Capital):

پییەر بۆردیۆ( 1930-2002) یەکێک لە تیۆرڤانەکانی ئەم بوارە بەم شێوەیە پێناسەی کردووە "تێکڕای ئەو سەرچاوە ڕاستەقینە و ئەگەرییانەیە، کە بەرهەمی ڕایەڵەیەکی پتەوە لە میانی پەیوەندی وکارلێکی تا ڕادەیەک جێگیرکراو لە نێوان تاکەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی ئاشنابوون، یەکتر ناسین وئاسانکاری لە گەیشتن بە ئامانجەکان" ( Bourdieu and Wacquant,1992: 119).

لە ڕوانگەی رۆبەرت دیڤید پۆتنام (1941): سەرمایەی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ هەندێک تایبەتمەندی رێکخراوی کۆمەڵایەتی وەکو تۆڕەکان، نۆرمەکان و متمانەی کۆمەڵایەتی کە بە هۆی بەشداری و هاوئاهەنگی نێوان تاکەکان، دەبێتە هۆی کارایی وباشتر جێبەجێ کردنی ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان ( Conrad,2007: 1). هەروەها ( ناهاپیت و گوشال 1998): سەرمایەی کۆمەڵایەتیان لە ڕوانگەی دامەزراوەیی پێناسە کردووە بریتیە لە کۆی سەرچاوە بەردەست و ئەگەرییەکان، کە لە تۆڕی پەیوەندییەکانی تاک یا یەکەیەکی کۆمەڵایەتی سەرچاوە دەگرێت. سەرمایەی کۆمەڵایەتی بە یەکێک لە توانایی و داراییە گرینگەکانی دامەزراوە دادەنریت، کە دەتوانێت لە بەرهەمهێنان و بەشداری پێکردنی زانیاری یارمەتیدەر بێت و هۆکارێک دەبێت بۆ بەردەوامی دامەزراوەکە ( دیانی و دیگران،٢٠١٢: ٩٤).

لەم توێژینەوەیە مەبەست سەرمایەی کۆمەڵایەتی نێو دامەزراوەییە، کە پێناسەی تیۆری توێژەران بۆ ئەم چەمکە بریتیە لە: بوونی متمانە، هاوکاری، پابەندی و چاوەڕوانی نێوان تاکەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی لە میانی سێ رەهەندی ( بونیادی، مەعریفی و پەیوەندی) کە یارمەتیدەرە بۆ پەیوەندییەکی باشتر، هاوئاهەنگی نێوان تاکەکان و باشتر بەجێگەیاندنی ئەرکەکان.

## 2_2: ڕەزامەندی پیشەیی (Job Satisfaction):

توێژەران فیشر و هانا ( 1931) لە ڕوانگەی دەروونیەوە سەیری ڕەزامەندی پیشەیی دەکەن، کە جۆرێکە لە گونجانی دەروونی و زەینی تاک لە گەڵ پیشەکەی یا بارودۆخی پیشەیی. واتە ئەگەر ئەو پیشەیە چێژبەخش و دڵخواز بێت ئەو تاکە ڕەزامەندی بەرامبەر پیشەکەی هەیە و بەپێچەوانەش ئەوا هەوڵی گۆڕینی پیشەکەی یا شوێنی کارەکەی دەدات ( شفیع آبادی،٢٠١٤: ١٢٣).
بەڵام دزیوبا و هاوکارانی (2020) بە جەخت کردن لە سەر سەرکەوتووی تاک لە شوێنی کارەکەی پێیان وایە ڕەزامەندی پیشەیی واتە هەست کردن بە ئاسودەیی و سەرکەوتووی تاک لە شوێنی کارەکەی و ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی لە سەر بەرهەمهێنان و باشتر جێبەجێ کردنی ئەرکەکان هەیە ( Dziuba and others,2020: 19).
لە دەرئەنجامی ئەو پێناسانەی کە توێژەران خستیانەڕوو گەیشتین بەو پێناسەی کە دەگونجێت لە گەڵ ناونیشانی توێژینەوەکەماندا کە ڕەزامەندی پیشەیی بریتییە لە: هەست کردنی بە ئاسودەیی و دڵخۆشی تاک بەرامبەر پیشەکەی و ئەو شوێن و بارودۆخەی کە تیایدا کار دەکەن.

## 3_2: چۆنایەتی ژیان (Quality of life):

بە پێ پێناسەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، چۆنایەتی ژیان بریتیە لە چۆنیەتی تێگەیشتنی تاک لە بارودۆخی خۆی لە چوارچێوەی ئەو بارودۆخە کولتووری و سیستەمە بەهاییەی کە تێدا دەژیت لە پەیوەندی بە ئامانجەکان، چاوەڕوانیەکان، پێداویستیەکان، پێوەر و ئەولەوییەتەکان ( WHO,2012:8).بە واتایەکی دیکە لە ڕوانگەی تەندروستی جیهانی، چۆنایەتی ژیان بابەتێکی زەینیە و لە لایەن کەسانی دیکەوە نابینرێ بەڵکو پەیوەستە بە تێگەیشتنی تاک لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان .

لە ئەنجامی ئەو پێناسانەی کە خرایەڕوو توێژەران پێناسەیەکی رێکاری بۆ چەمکی چۆنایەتی ژیان دەکەن کە دەگونجێت لە گەڵ ناونیشانی توێژینەوەکەماندا کە بریتییە لە: چۆنیەتی پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی تاک لە شوێنی کارەکەی لە گەڵ هاوپیشەکانی و ڕادەی هەست کردن بە دڵخۆشی و ئاسودەیی تاک لە چوارچێوەی ئەو پێوەندییەی کە لە گەڵ هاوپیشەکانی هەیەتی.

## 3: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە:

### 3_1: تیۆرەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی:

### 3_1_1: تیۆری سەرمایەی کۆمەڵایەتی لای پییر بۆردیۆ:

بۆردیۆ لە میانی باس کردنی جۆرەکانی سەرمایە پێ وایە سەرمایە تەنها لایەنی مادی لە خۆ ناگرێت بەڵکو دوو لایەنی مادی ( هەست پێکراو) و نامادی ( هەست پێنەکرا) لە خۆ دەگرێت و سەرمایەی ئابووری یا مادی بە بناغەی جۆرەکانی دیکەی سەرمایە دەزانێت ( زێباری،٢٠١٧: ٢٧٥). ئەو سەرمایەی بۆ سێ جۆری ( ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ) دابەش کردووە کە ئەمانە کاکڵە و ناوەڕۆکی پێناسەی پێگە، توانایی و بارودۆخی تاکەکان پێک دێنن و ئەم جۆرە جیاوازانەی سەرمایە لە لایەن تاکەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێت و ئەوانە وەکو کارتە براوەکانن، بەختی بردنەوە لە ڕکابەرایەتی ( ژیانی کۆمەڵایەتی) دیاری دەکەن ( هاشمیان فر و چینی،٢٠١٦: ٢٧١). تیۆری بۆردیۆ یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە؛ چۆن تاک بە هۆی سەرمایەی کۆمەڵایەتی بارودۆخی ئابووری خۆی لە کۆمەڵگا گەشە پێ دەدات و بەرزی دەکاتەوە. بە واتایەکی دیکە سەرمایەی کۆمەڵایەتی بارودۆخێک پێک دێنێ کە پێگەی تاکەکان بەلەبەرچاو گرتنی رادەی سەرمایەی کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگیان دیاری دەکرێت ( الوانی و شیروانی،٢٠٠٦: ٢٤٩) هەربۆیە بۆردیۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سەرەتا پێویستە تۆڕی پەیوەندییەکان بیچم بگرێت و دواتر بە لێهاتووییەکی تەواو هەوڵ بۆ پاراستنیان بدرێت بەمەبەستی سود وەرگرتن لەو سەرچاوانە ( بهاری،٢٠١٦: ١٧٤).

### 3_1_2: تیۆری سەرمایەی کۆمەڵایەتی لای جێمز کۆڵمەن:

جێمز کۆڵمەن (1926-1995) کۆمەڵناسی ناسراوی ئەمریکی سەبارەت بە چەمکی سەرمایەی کۆمەڵایەتی بەبەراورد لە گەڵ بۆردیۆ کاریگەری زیاتری بوو ( فیلد،٢٠٠٦: ٣٢) لە ڕوانگەی کۆڵمەن سەرمایەی کۆمەڵایەتی وەکو جۆرەکانی دیکەی سەرمایە بەرهەمهێنە، بەڵام شایانی ئاڵوگۆڕ و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جێگۆڕکێ نیە بەڵکو ڕەنگە تایبەت بە چالاکیەکی دیاریکراو بێت، بە واتایەکی دیکە جۆرێکی دیاریکراو لە سەرمایەی کۆمەڵایەتی کە لە هەندیک کردەی تایبەت دەبێتە هۆی ئاسانکاری، ڕەنگە بۆ کردەی دیکە بێ سود بێت و تەنانەت زیانیشی هەبێت ( کلمن،٢٠١٠: ٤٩). هەروەها کۆڵمەن ئاماژە بەوە دەکات کە سەرمایە کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی ئەوەی کە تێچووی گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان کەمتر بێت و جەخت لە سەر بەسوود بوونی سەرمایەی کۆمەڵایەتی دەکات وەکو سەرچاوەیەک بۆ هاوکاری، پەیوەندی دوو لایەنە و پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی ( افشانی و محمدآباد،٢٠١٨: ٥٣). هەروەها سەرمایەی کۆمەڵایەتی وەکو کاڵایەکی گشتی دەبینێت کە ئەگەرچی بە هۆی کۆمەڵە کەسێک پێک دیت بەڵام سود و قازانجی بۆ کۆی بەشە پێکهێنەرەکانی بونیادی کۆمەڵایەتیە (Coleman,1988: 116). هەر بۆیە لە ڕوانگەی کۆڵمەن سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە سێ ڕەگەزی سەرەکی وەک ( پابەندی و چاوەڕوانییەکان، کاناڵەکانی زانیاری و نۆرم و سزاکان) پێک دێت ( حاجی خدر،٢٠٢٠: ٩٥).

### 3_1_3: تیۆری سەرمایەی کۆمەڵایەتی لای ڕۆبەرت دێڤید پاتنام (١٩٤١):

پاتنام بیرمەندی ئەمریکی بواری زانستە سیاسییەکان لە چەند دەیەی ڕابردوو ڕۆڵێکی گرینگی لە پەرەپێدانی چەمکی سەرمایەی کۆمەڵایەتی هەبووە و ئەو چەمکەی لە سەرووی ئاستی بەشی، واتە لە ئاستی گشتی بەکار هێنا و خولیای زانینی چۆنیەتی ئەرک و کاریگەری سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە ئاستی ناوچەیی، نەتەوەیی و چۆنیەتی کاریگەری لە سەر ڕێکخراو و ناوەندە دێموکراتیکەکان و پەرەپیدانی ئابووری بووە ( توسلی و موسوی،٢٠٠٥: ١٥). ڕوانگە سەرەکیەکەشی بریتییە لەوەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆ تاکەکان بەهادارە، وەکو سەرمایەی فیزیکی و مرۆیی. لە هەمان کاتدا تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کاریگەری لە سەر بەهرەداری تاکەکان و گروپەکان هەیە. ( Hauberer,2011: 54). هەروەها ناوەڕۆکی سەرەکی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لای پاتنام تۆڕی پەیوەندییەکانە، ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی تاکەکان و کارلێکی ئەوان لە گەڵ یەکتر بە سەرەکیترین بەشی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و سەرچاوەی دوو بەشەکەی دیکە واتە ( متمانە و نۆرمەکان) دەزانێت ( Putnam,1993: 167)

### 2_3: ڕەهەندەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی:

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە مەبەست لەم توێژینەوەیە سەرمایەی کۆمەڵایەتی دامەزراوەییە، هەر بۆیە هەوڵ دەدرێت شرۆڤەی ڕەهەندەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی دامەزراوەیی بکرێت. ناهاپیت وگوشاڵ دوو لێکۆڵەری هیندی یەکەم جار ئەم شێوازە لە ڕەهەندەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتیان خستەبەر باس، کە بۆ سێ دەستە یا ڕەهەندی سەرەکی پۆلینیان کردوون وەک لە خشتەی ژمارە (١) دەخرێتەڕوو.

**1_2_3: ڕەهەندی بونیادی:** ئەم ڕەهەندە لە سەرمایەی کۆمەڵایەتی، ئاماژە بە شێوەی گشتی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان دەکات و هەوڵی ناسینی پەیوەندییە گشتییەکان و شێوازەکانی ئەو پەیوەندییانە دەدات واتە؛ تاکەکانی هەر دامەزراوەیەک چۆن و پەیوەندییان لە گەڵ چ کەسانێک هەیە (اصفهانی و دیگران،٢٠١٦: ١١٤). ئەم ڕەهەندە خۆی لە چەند لایەن دەبینێتەوە وەکوو؛ پەیوەندی لە ڕێگای تۆڕەکان، چۆنیەتی و چەندێتی پەیوەندییەکان لە ڕێگای تۆڕەکان، هەبوونی بارودۆخی گونجاو لە دامەزراوەکاندا ( هرندی،٢٠١٥: ١٦٦).

**2_2_3: ڕەهەندی پەیوەندی:** ئەم ڕەهەندە لە سەرمایەی کۆمەڵایەتی وەسفی جۆری پەیوەندییە کەسییەکان دەکات، کە تاکەکان لە گەڵ یەکتر بە هۆی پێشینەی کارلێک و هەڵسوکەوتیان لە گەڵ یەکتر ئەنجامی دەدەن. گرینگترین لایەنەکانی ئەم ڕەهەندەش بریتیە لە: متمانە، نۆرمەکانی هاوکاری، پابەندی و چاوەڕوانییەکان ( فضلی و مهدیان راد،٢٠١١: ٢٩٦).

**3_3_3: ڕەهەندی مەعریفی (زانەکی):** گرینگترین لایەنەکانی ئەم ڕەهەندە: ئامانجە هاوبەشەکان، زمان و کۆدە هاوبەشەکان، گێڕانەوە و بەسەرهاتە هاوبەشەکانە ( Nahapiet and Ghoshal,1998: 248).

خشتەی ژمارە (1): ڕەهەندەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی ( ناهاپیت و گوشاڵ، 1998)

| ڕەهەندەکان | تایبەتمەندییەکان ( وردە ڕەهەندەکان) |
|---|---|
| ڕەهەندی بونیادی | پەیوەندی لە ڕێگای تۆڕەکان |
| | بونیادی تۆڕەکان ( چۆنیەتی و چەندێتی تۆڕەکان) |

| | |
|---|---|
| | گونجاوی دامەزراوە |
| ڕەهەندی پەیوەندی | متمانە |
| | نۆرمەکان |
| | پابەندی و چاوەڕوانی |
| | شوناس |
| ڕەهەندی مەعریفی ( زانەکی) | زمان و کۆدە هاوبەشەکان |
| | گێڕانەوە و بەسەرهاتە هاوبەشەکان |

وەرگیراوە لە: (Ghanbar and others,2012: 8)

### 3_3: تیۆرەکانی ڕەزامەندی پیشەیی:

سەرەتای هزری گرینگیدان بە بابەتی ڕەزامەندی پیشەیی و کاریگەری لە سەر ڕەفتاری تاکەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم و هەوڵەکانی فرێدریک تایلۆر، لە ساڵی (١٩١١) کە هزرەکانی خۆی لە چوارچێوەی کتێبێک بە ناوی ( بنەماکانی بەڕێوەبەریی زانستی) خستەڕوو( فلمبان،٢٠٠٨: ٤٠) و ئەمڕۆکە تیۆر و ڕوانگەی جۆراوجۆر لەو بوارە خراوەتەڕوو و توێژینەوەی جۆراوجۆر ئەنجام دراوە کە دەکرێت بۆ سێ ئاڕاستە یا ڕەوت پۆلین بکرێن: ئاڕاستەی پەیوەندی مرۆیی، ڕەوتی یەکیەتیەکانی کرێکاران و ئاڕاستەی گەشە یا چییەتی کار( Yanhan,2013: 293).

**3_3_1: تیۆری پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان (1924-1934):** سەرچاوەی ئەم تیۆرە بۆ توێژینەوەکانی هاسۆرن دەگەڕێتەوە لە لایەن ئاڵتون مایۆ و دوو هاوکاری بە ناوەکانی ڕۆتلیس برگیر و دیکسۆن، کە هاوکات بوو لە گەڵ ساڵانی دارمانی ئابووری لە ڕۆژئاوا. ئەنجامی توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخست کە دروستکردنی پەیوەندی مرۆیی، کەشی دۆستانە، بەشداری، ڕێزگرتن لە تاکەکان و هەبوونی پەیوەندی نافەرمی دۆستانە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی هەستی هاوکاری و لە ئەنجامدا بەرکردنەوەی ئاستی ڕەزامەندی پیشەیی تاک، واتە بنەمای ئەم تیۆرە گرینگیدان بوو بە لایەنی مرۆیی نەک تەنها بە لایەنی مادی ( رقیق،٢٠٢٠: ٨٣). لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە، کارگە یا دامەزراوە تەنها یەکەیەکی تەکنیکی_ ئابووری نیە، بەڵکو یەکەیەکی کۆمەڵایەتیشە و مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە، کە ئەم تایبەتمەندییە ڕۆڵێکی گرینگی لە هەر پیشەیەک هەیە ( فتح الهی،٢٠٠٥: ١٤٥).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە گشتی ئەم تیۆرە جەخت لە سەر چەند خاڵ دەکاتەوە **یەکەم**؛ فاکتەری مرۆیی گرینگترین فاکتەرە بە گرینگیدان بە لایەنی دەروونی، کۆمەڵایەتی و جەستەیی. **دووەم**؛ هاندانەکانی کار تەنها پەیوەست بە مووچە و پاداشتە ماددییەکان نیە. **سێیەم**؛ ئەندامانی هەر دامەزراوەیەک لە نێوان خۆیان گروپی کار دروست دەکەن کە نافەرمییە، ئەم گروپانەش کاریگەری بەرچاو لە سەر هەر تاکێک دروست دەکەن. ڕوانگەکان، بەهاکان، ڕەفتار و پەیوەندییان لە گەڵ یەکتر و دەستەی بەڕێوەبەری کاریگەری لە سەر ئاستی بەرهەمدار بوونی هەر دامەزراوەیەک هەیە و ئەوەش پێویستی بە ڕێکخستن هەیە ( حمداوي و بخوش،٢٠١١: ٣٥٣).

**2_3_3: تیۆری یەکسانی:** ئەم تیۆرە یەکەم جار ساڵی (1963) لە لایەن جان ئێستیسی ئادامز ( Jane Stacy Adams 1963) خرایەڕوو، کە وەکوو دەروونزانێک لە کۆمپانیای جێنراڵ ئەلکتریک لە نیۆیۆرک کاری دەکرد. کرۆکی ئەم تیۆرە سەبارەت بە هاوسەنگی نێوان هەوڵ و توانای تاکەکان ( Inputs) و ئەو پاداشتەی کە وەریدەگرێت ( Rewards) ( Ogolo,2016: 5). لە سەر بنەمای ئەم تیۆرە، مووچە و پاداشت بە تەنها بەشێک نیە لە هاندانەکان، بەڵکو پلە بەرزکردنەوەش کاریگەری هەیە، کە ڕەنگە هەندێ جار ئەو پلە بەرزکردنەوە لە سەر بنەمای یەکسانی و دادپەروەری نەبێت ئەمەش کاریگەری نیگەتیڤی دەبێت لە سەر ئەوانی دیکە. لە لایەکی دیکە هەموو تاکێک خوازیاری هەڵسوکەوتێکی دادپەروەرانەیە، لە ئەگەری هەڵسوکەوتی نادادپەروەرانە دەبێتە هۆی نیگەرانی، ئەمەش بە شێوازی جیاواز خۆی دەنوێنێ. بۆ نموونە دابەزینی کوالێتی کاریا بەجێهێشتنی دامەزراوەکە( الشمری،٢٠٠٩: ١٣).
گرینگترین و بەربڵاوترین جۆرەکانی ( Inputs) بریتین لە: هەوڵ و تێکۆشان، پسپۆڕی، خۆ تەیار کردن بە زانستی و زانیاری، ئەزموون، توانا کۆمەڵایەتیەکان و ئەمەگناسی ( علی،٢٠٠٣: ١٨).
پاداشتەکان ( Rewards) بۆ دوو دەستە مادی و نامادی پۆلێن دەکات کە بەربڵاترین جۆرەکانی پاداشتە مادییەکان بریتین لە: مووچە، دەرماڵە، سوودمەند بوون لە قازانجی دامەزراوەکە ( Al-Madi and Al-Zawahreh,2012: 3) و گرینگترین پاداشتە نامادییەکانیش بریتین لە : دانپێدانان و بەفەرمی ناسین، ڕەخساندنی کەشی ململانێ تەندروست و سەرنجڕاکێش لە دامەزراوە و پێدانی بەرپرسیارێتی بۆ ئەوەی تاکەکان هەست بە خاوەندارێتی بەرامبەر دامەزراوەکە بکەن، هەروەها دەبێتە هۆی

بەرزکردنەوەی هەستی باوەڕبەخۆبوون و هەست کردن بە گرینگی خۆیان لەو ئەرک و بەرپرسیارێتیە ( مهرام و رحمت آبادی،٢٠٠٩: ٩).

سەبارەت بە ڕەهەندەکانی ڕەزامەندی پیشەیی ( ئێسمیت، کێندال و هایلین) شەش ڕەهەندییان بۆ ڕەزامەندی پیشەیی خستۆتەڕوو کە بریتین لە: ڕەهەندی ڕەزامەندی لە چیەتی پێشە، ڕەزامەندی لە بەڕێوەبەری و دەستەی کارگێری، ڕەهەندی هاوکاران و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیان، ڕەزامەندی بە هۆی پلە بەرزکردنەوە، ڕەزامەندی لە مووچە و دەرماڵەکان، ڕەزامەندی لە ژینگەی فیزیکی کار ( آزمون یارپویا،٢٠١٧: ٤٢).

## 4: میتۆدی توێژینەوەکە و ڕێکارە کردارییەکان:

### 4_1. میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا ئاڕاستەی چەندایەتی بەکارهاتووە کە کریسوێڵ (2003) پێی وایە پارێزگاری لە پارادایمی ئەزموونگەری دەکات، ئەمەش وادەکات توێژەر بە بێ لایەن بمێنێتەوە ( Salih and Ahmed,2022:95) میتۆدی توێژینەوەکە وەسفی شیکارییە کە بە ڕێبازی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی جێبەجێ کراوە.

### 4_2. کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوەکە:

**کۆمەڵگای توێژینەوەیەکە** بریتیە لە کۆی مامۆستایانی زانکۆ حکومیەکانی شاری هەولێر ( زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیک و زانکۆی پزیشکی ) کە بە گشتی (3448) مامۆستا بوون، کە (2037) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر و (1411) مامۆستا لە ڕەگەزی مێ بوون.

**نموونەی توێژینەوەکەش** هەڕەمەکی چینایەییە کە هەوڵدراوە مامۆستایانی هەر سێ زانکۆکە بە شێوەیەکی گونجاو لە هەر دوو ڕەگەزی ( نێر و مێ) و بڕوانامەی (ماستەر و دکتۆرا) تێیدا بەشداربن. بۆ ئەم مەبەستە ( 340) مامۆستا وەکوو نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراون، کە لەم توێژینەوەیە (211) مامۆستا واتە (62.1%)ی نموونەکە لە ڕەگەزی نێر و (129) مامۆستا واتە ( 37.9%) بەشدارانی نموونەکە لە ڕەگەزی مێ بوون. هەروەها (175) مامۆستا واتە (51.5%) هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و (165) مامۆستا واتە (48.5%) بەشدارانی نموونەکەش هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بوون.

### 3_3: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:

لەم توێژینەوەیەدا لە ڕێگای پرسیارنامەوە، بە شێوەی گوگڵ فۆرم داتای مەیدانیمان کۆ کردەوە، کە بۆ ئەم مەبەستە سێ پێوەر بۆ هەر یەک لە ( سەرمایەی کۆمەڵایەتی، ڕەزامەندی پیشەیی و چۆنایەتی ژیان) ئامادە کراوە و هەنگاوەکانی سایکۆسۆسیۆمیتریمان بەم شێوەی خوارەوە لەسەر پێوەرەکان جێبەجێ کردووە.

### 4_3_1: بونیادنانی پێوەرەکان:

بەمەبستی بونیادنانی پێوەرەکانی توێژینەوەکە لە سەر بنەمای لایەنی تیۆری، توێژینەوەکانی پێشوو و ڕای شارەزایان، سوودمان لە " شیکردنەوەی فاکتەری تەئکیدی" ( Confirmatory Factor Analysis_ CFA) وەرگرت بۆ ئەوەی دڵنیا ببینەوە کە هەر یەک لەو بڕگانەی کە وەرمانگرتووە دەتوانێت پێوانەی بەشێک لەو ڕەهەندە بکات کە مەبەستمانە. بۆ ئەم مەبەستە بڕگەکانمان بە گوێرەی لایەنی تیۆری لە نیو پڕۆگرامی ئامۆس (AMOS) جێگیر کرد و پێوەرەکانی " گونجاوبوونی فیت" ( Goodness-of-fit) لە سەر مۆدێلەکان جێبەجێ کرد. بەم شێوەیە لە پێوەری سەرمایەی کۆمەڵایەتی پاش سڕینەوەی بڕگەی (5) لە ڕەهەندی بونیادی، بڕگەی (2) لە ڕەهەندی مەعریفی، بڕگەی (7) لە ڕەهەندی پەیوەندی. هەروەها لە پێوەری ڕەزامەندی پیشەیی؛ بڕگەی (5) لە ڕەهەندی بەڕێوەبەری، بڕگەکانی (2,3,4) لە ڕەهەندی مووچە و دەرماڵە، هەروەها بڕگەکانی ( 5,6,8) لە ڕەهەندی ژینگەی فیزیکی کار، و بڕگەی (1) لە پێوەری چۆنایەتی ژیان، پێوەرەکانمان مەرجەکانی فیتبوونی ( Goodness-of-fit) بەدەستهێنا ئەمەش بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ( CFI=0.901)، (RAMSEA=0.050)، (IFI=0.906)، (IFI=0.902) .

### 4_3_2: ڕاستییەتی و جێگیری پێوەرەکان (Validity & Reliability):

**الف: پێوەری سەرمایەی کۆمەڵایەتی:**

ڕاستییەتی پێوەری سەرمایەی کۆمەڵایەتی: بەمەبەستی دڵنیابوونەوە لە ڕاستیەتی پێوەرەکە دوو جۆر ڕاستیەتیمان لە سەری جێبەجێ کرد کە بریتی بوو لە:

**ڕاستییەتی ڕواڵەتی (Face Validity):** بەمەستی دەرهێنانی ڕاستییەتی پێوەری سەرمایەی کۆمەڵایەتی توێژەران سوویان لە ڕاستییەتی ڕواڵەتی یا ڕاستییەتی شارەزایان بینیوە. ئەویش بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێدانی پێوەرەکە بە ( 9) پسپۆڕ و شارەزای بوارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان بە نازناوی زانستی بەرز. کە تێیدا هیچ برگەیەک نەسڕاوەتەوە و ڕەزامەندی زۆرینەی پسپۆڕان و شارەزایانی بە دەستهێناوە و تەواوی برگەکانی پێوەرەکە وەک خۆی ماونەتەوە، کە چەند برگەیەکیان تەنها ڕێکخستن و دووبارە دارشتنەوەیان پێویست بوو و ئاستی ڕاستیەتی رووکەشی پێوەرەکەش لەم توێژینەوەیە (96%) بوو.

**راستییەتی بونیادی (Construct Validity):** بەمەبەستی دڵنیابوون لە ڕاستیەتی بونیادی پێوەرەکە لە ڕێگەی هاوکۆڵکەی سپێرمانەوە پەیوەستی هەر برگەیەکمان لە گەڵ کۆی تەوەرەوەکەی دەرهێنا کە وەکوو لە خشتەی ژمارە (2) دەردەکەویت، هەموو برگەکان لە هەر سێ ڕەهەندی ( بونیادی، مەعریفی وپەیوەندی) پەیوەستێکی بەڵگەداری ئامارییان لە گەڵ کۆی تەوەرەکەیان هەیە. ئەمەش بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (P- Value< 0.05) بۆیە هەموو ئەو برگانەی کە لە پاش شیکردنەوەی فاکتەری لە پێوەرەکە جێگیر بوون، وەکو خۆیان مانەوە و دڵنیابووینەوە کە پێوەرەکەمان خاوەنی ڕاستیەتی بونیادییە.

خشتەی ژمارە (2) پەیوەستی برگەکانی پێوەری سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە گەل تەوەرەکانیان نیشان دەدات

| تەوەر | برگە | پەیوەست | برگە | پەیوەست | برگە | پەیوەست | برگە | پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بونیادی | 1 | 0.710** | 3 | 0.738** | 5 | 0.699** | 7 | 0.765** |
| | 2 | 0.774** | 4 | 0.758** | 6 | 0.717** | | |
| مەعریفی | 1 | 0.741** | 3 | 0.732** | 5 | 0.768** | | |
| | 2 | 0.678** | 4 | 0.759** | 6 | 0.657** | | |
| پەیوەندییەکان | 1 | 0.790** | 3 | 0.819** | 5 | 0.789** | 7 | 0.834** |
| | 2 | 0.754** | 4 | 0.688** | 6 | 0.765** | 8 | 0.779** |

**جێگیری پێوەری سەرمایەی کۆمەڵایەتی:** بەمەبەستی دەرهێنانی جێگیری ڕەهەندەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی سوودمان لە هاوکۆڵکەی ئەڵفای کرونباخ ( Cronbach's Alpha) وەرگرت تاکو لەم ڕێگایەوە چۆنیەکی نیوخۆیی برگەکان تاوتوێ بکەین. بەهای ئەلفای کرۆنباخ بۆ ڕەهەندی بونیادی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بریتیە لە ( 0.860)، ڕەهەندی مەعریفی ( 0.814) و هەروەها رەهەندی پەیوەندی (0.905). ئەمەش واتە هەر سێ ڕەهەندەکەی پێوەری سەرمایەی کۆمەڵایەتی خاوەن ئاستێکی زۆر باش لە جێگیرییە.

**ب: پێوەری ڕەزامەندی پیشەیی:**

**ڕاستییەتی ڕواڵەتی پێوەرەکە:** ئەم پێوەرە ڕەزامەندی تەواوی پسپۆڕان و شارەزایانی بە دەستهێناوە و تەواوی برگەکانی پێوەرەکە وەک خۆی ماونەتەوە، کە چەند برگەیەکیان تەنها ڕێکخستن و دووبارە دارِشتنەوەیان پێویست بوو و ئاستی ڕاستیەتی ڕواڵەتی پێوەرەکە لەم توێژینەوەیە (100%) بوو.

**ڕاستیەتی بونیادی پێوەرەکە:** بۆ دەرهێنانی ڕاستیەتی بونیادی پێوەرەکە، لە ڕێگای هاوکۆڵکەی پێرسۆنەوە پەیوەستی هەر برگەیەکمان لە گەڵ کۆی تەوەرەکە دەرهێنا کە وەکو لە خشتەی ژمارە (3 ) دەبینرێت هەر برگەیەک پەیوەستێکی ( Correnlation) بەڵگەداری ئاماری لە گەڵ کۆی تەوەرەکەی هەیە ( P-Value<0.05). بۆیە ئەتوانین بڵێن کە پێوەرەکەمان خاوەن ڕاستیەتی بونیادییە و هەموو ئەو برگانەی پاش شیکردنەوەی فاکتەری پشتڕاستکراوە ( CFA) لە پێوەرەکە جێگیربوون گۆڕانکارییان بەسەردا نەهات.

خشتەی ژمارە (3): پەیوەستی برگەکانی پێوەری ڕەزامەندی پیشەیی لە گەڵ تەوەرەکانیان پیشان دەدات.

| تەوەر | برگە | پەیوەست | برگە | پەیوەست | برگە | پەیوەست | برگە | پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەڕێوەر بردن | برگەی 1 | 0.750** | برگەی 3 | 0.790** | برگەی 5 | 0.869** | برگەی 7 | 0.814** |
| | برگەی 2 | 0.770** | برگەی 4 | 0.826** | برگەی 6 | 0.875** | | |
| هاوکاری | برگەی 1 | 0.781** | برگەی 3 | 0.655** | برگەی 5 | 0.789** | برگەی 7 | 0.555** |
| | برگەی 2 | 0.812** | برگەی 4 | 0.719** | برگەی 6 | 0.799** | برگەی 8 | 0.786** |
| مووچەو دەرماڵە | برگەی 1 | 0.782** | برگەی 3 | 0.850** | برگەی 5 | 0.757** | | |
| | برگەی 2 | 0.730** | برگەی 4 | 0.634** | | | | |
| ژینگە | برگەی 1 | 0.770** | برگەی 3 | 0.725** | برگەی 5 | 0.77** | | |
| | برگەی 2 | 0.815** | برگەی 4 | 0.765** | | | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**جیگیری پێوەری ڕەزامەندی پیشەیی:** بەمەبەستی دەرهێنانی جێگیری پێوەرەکە سودمان لە ئەڵفای کرونباخ وەرگرت کە تێیدا گونجانی نێوخۆیی بڕگەکان تاوتوێ دەکرێت، بەهای ئەڵفای کرونباخ بۆ ڕەهەندی بەڕێوەبەری بریتیە لە (0.915) کە بە ئاستێکی بەرز لە گونجانی نێوخۆیی ئەژمار دەکرێت، هەروەها بەهای ئەڵفای کرۆنباخ بۆ ڕەهەندی هاوکاران بریتیە لە (0.733) کە بە ئاستێکی باش لە چۆنیەکی نێوخۆیی بڕگەکان ئەژمار دەکرێت، و بەهای ئەڵفای کرۆنباخی ڕەهەندی مووچە و دەرماڵە بریتی بوو لە (0.845) و بەهای ئەڵفای کرۆنباخی ڕەهەندی ژینگەی فیزیکی کار بریتی بوو لە (0.828) کە بە ئاستێکی زۆر باش لە گونجانی نیوخۆیی بڕگەکان دادەنرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پێوەرەکەمان لە هەموو ڕەهەندەکان خاوەنی جێگیرییە.

**ج: پێوەری چۆنایەتی ژیان:**

**ڕاستییەتی ڕواڵەتی پێوەرەکە:** پێوەرە چۆنایەتی ژیان، ڕەزامەندی زۆرینەی پسپۆڕان و شارەزایانی بە دەستهێناوە و تەواوی بڕگەکانی پێوەرەکە وەک خۆی ماونەتەوە، کە چەند بڕگەیەکیان تەنها ڕێکخستن و دووبارە داڕشتنەوەیان پێویست بوو و ئاستی ڕاستیەتی ڕواڵەتی پێوەرەکە لەم توێژینەوەیە (98.15%) بوو.

**ڕاستیەتی بونیادی پێوەرەکە:** بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستیەتی پێوەرەکە بە سوود وەرگرتن لە هاوکۆلکەی سپێرمان پەیوەستی هەر بڕگەیەکمان لەگەڵ کۆی تەوەرەکەی دەرهێنا. وەکو لە خشتەی ژمارە (4) دەخرێتەڕوو، هەموو بڕگەکان پەیوەستێکی بەڵگەداریان لەگەڵ کۆی تەوەرەکەیان هەیە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value<0.05)، بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین کە پێوەرەکەمان خاوەنی ڕاستیەتیی بونیادییە.

خشتەی (4): پەیوەستی بڕگەکانی پێوەری چۆنایەتی ژیان لە گەڵ تەوەرەکە نیشان دەدات

| ڕەهەند | بڕگە | پەیوەست | بڕگە | پەیوەست | بڕگە | پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|---|
| چۆنایەتی ژیان | بڕگەی 1 | 0.712** | بڕگەی 3 | 0.844** | بڕگەی 5 | 0.626** |
| | بڕگەی 2 | 0.703** | بڕگەی 4 | 0.805** | بڕگەی 6 | 0.813** |

**جێگیری پێوەری چۆنایەتی ژیان:**

بە مەبەستی دڵنیابوونەوە لە جێگیری پێوەرەکە؛ لە رێگای ئەلفای کرۆنباخەوە چۆنیەکی نێوخۆی بڕگەکانی پێوەرەکەمان دەرهێنا. وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت، بەهای ئەلفای کرۆنباخی پێوەری چۆنایەتی ژیان بریتییە لە (0.847) کە ئەمەش واتای وایە کە پێوەرەکەمان خاوەنی ئاستێکی بەرزی جێگیرییە.

## 5: خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و شیکردنەوەیان:

**ئامانجی یەکەم: پێوانەکردنی ئاستی ڕەهەندەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لای بەشدارانی نموونەکە:**

**یەکەم**: بەمەبەستی پێوانەکردنی ئاستی ڕەهەندەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لای بەشدارانی نموونەکە، توێژەران سوودیان لە تاقیکردنەوەی (t) بۆ یەک نموونەی سەربەخۆ (One-Sample t-test) وەرگرت کە تێدا ناوەندی ژمێرەی توێژینەوەکە بە ناوەندی گریمانەیی بەراورد دەکرێت. ئەنجامەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە لە خوارەوە دەخەینەڕوو:

**5_1: لە ئاستی کۆی سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا؛** (68.48) بە شێوەی بەڵگەدار گەورەترە لەناوەندی گریمانەیی (63) ئەمە بە سەرنجدان بەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو (7.778) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی (1968) بە نمرەی ئازادی (339) هەروەها (P-Value=0.000<0.05) ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە ئاستی سەرمایەی کۆمەڵایەتی بە گشتی لە ناوەندی ژمێرەیی زیاترە. بە چەشنێک کە ئەگەر ناوەندی سەنگکراوی سەرمایەی کۆمەڵایەتی دەربکەین بریتی دەبێت لە (3.26) کە دەکەوێتە نێوان بژاردەکانی ( تاڕادەیەک لە گەلیدام و لە گەلیدام ).

**5_2: ڕەهەندی بونیادی:** وەکو لە خشتەی ژمارە (5) دەردەکەوێت؛ ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە (22.34) بە لادانی پێوەری (4.744) بە شێوەیەکی بەڵگەدار گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی (21) ئەمەش بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو (5.339) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی (1.968) بە نمرەی ئازادی (339) هەروەها (P-Value=0.000<0.05). لێرەدا بەو ئەنجامە دەگەین کە ئاستی ڕەهەندی بونیادی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لای بەشدارانی نموونەکە زیاترە لە ئاستی ناوەند.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**3_5: لە پەیوەندی لەگەڵ ڕەهەندی مەعریفیدا:** خشتەی ژمارە (5) نیشان دەدات کە بەهای (t) دەرهێنراو (14.691) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی (1.968) بە نمرەی ئازادی (339) و (P-Value=0.000). ئەمەش بە واتایە دێت کە جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نموونەی توێژینەوەکە (21.14) و ناوەندی گریمانەیی (18) هەیە. بەسەرنجدان بەوەی کە ناوەندی ژمێرەیی نموونەکە گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی، بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین کە ئاستی ڕەهەندی مەعریفی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لای بەشدارانی نموونەکە لە ناوەند زیاترە.

**4_5: ڕەهەندی پەیوەندیی:** بە سەرنجدان بەوەی کە ناوەندی ژمێرەیی ڕەهەندی پەیوەندی (25.00) بە شێوەیەکی بەڵگەدار گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی (24) ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی (P-Value=0.001<0.05) و بەهای (t) دەرهێنراو (3.535) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی. لێرەوە ئەتوانین بڵێین کە ئاستی ڕەهەندی پەیوەندی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لای بەشدارانی نموونەکە لە ناوەند زیاترە.

خشتەی ژمارە (5): ئاستی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لای بەشدارانی نموونەکە نیشان دەدات.

| ڕەهەندەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەریی | p-value | بەهای (t) | | بەڵگەداریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| کۆی سەرمایەی کۆمەڵایەتی | 68.48 | 63 | 12.983 | 0.000 | 7.778 | 1.968 | بەڵگەدارە |
| بونیاد | 22.34 | 21 | 4.744 | 0.000 | 5.339 | 1.968 | بەڵگەدارە |
| مەعریفە | 21.14 | 18 | 3.943 | 0.000 | 14.691 | 1.968 | بەڵگەدارە |
| پەیوەندیی | 25.00 | 24 | 5.482 | 0.001 | 3.353 | 1.968 | بەڵگەدارە |

DF=339 N=340

**دووەم: دەستنیشانکردنی ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان لە دروستکردنی جیاوازی لە نێوان بەشدارانی نموونەکە**

بە مەبەستی وردبوونەوەی زیاتر لە سەرمایەی کۆمەڵایەتی، ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی (ڕەگەز و بڕوانامە )مان لە سەر ئەنجامەکان دەرهێنا کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە مەبەستی دەرهێنانی کاریگەری گۆڕاوی دیمۆگرافی ڕەگەز لە سەر هەر یەک لە ڕەهەندەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی، تاقیکردنەوەی (t) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (Independent Samples t-test)مان بەکارهێنا. وەکو لە خشتەی (6) دەردەکەوێت:

**1. ڕەهەندی بونیادی:** بە سەرنجدان بە خشتەی (6) بۆمان دەردەکەوێت کە ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی مێ (23.39) بە بڕی (1.69) گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی نێر (21.70) ئەم جیاوازییەش بەڵگەدارە بە سەرنجدان بەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو (3.18) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەی (1.968) و هەروەها (P-Valure=0.002<0.05) ئەمەش نیشان دەدات کە سەرمایەی کۆمەڵایەتی ڕەهەندی بونیادی لای ڕەگەزی مێ زیاترە لە ڕەگەزی نێر.

**2. سەبارەت بە ڕەهەندی مەعریفی و پەیوەندیی:** جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری نیە لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو بچوکترە لە بەهای (t) خشتەیی و هەروەها (P-Valure>0.05) بە نمرەی ئازادی (339).

خشتەی (6): ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی ڕەگەز لە سەر سەرمایەی کۆمەڵایەتی نیشان دەدات.

| گۆڕاوی دیمۆگرافی | ژمارەی نموونە | | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەریی | p-value | بەهای (t) | | بەڵگەداره |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| بونیادی | نێر | 211 | 21.70 | 1.69 | 4.557 | 0.002 | 3.182 | 1.968 | بەڵگەداره |
| | مێ | 129 | 23.39 | | 4.872 | | | | |
| مەعریفی | نێر | 211 | 20.98 | 0.43 | 3.933 | 0.326 | 0.985 | 1.968 | بەڵگەدار نیە |
| | مێ | 129 | 21.41 | | 3.958 | | | | |
| پەیوەندیی | نێر | 211 | 24.64 | 0.93 | 5.177 | 0.143 | 1.471 | 1.968 | بەڵگەدار نیە |
| | مێ | 129 | 25.57 | | 5.924 | | | | |

DF=338        N=340

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**سێیەم: بڕوانەمە:** بەمەبەستی دەستنیشانکردنی ڕۆڵی گۆڕاوی دێمۆگرافی بڕوانامە لە سەر هەریەک لە ڕەهەندەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی، تاقیکردنەوەی (t) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (Independent Samples t-test) مان بەکار هێنا. وەکو لە خشتەی (7) دەردەکەوێت لە هیچ یەک لە ڕەهەندەکان جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرادا نیە، ئەمەش بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە لە هەر سێ ڕەهەندەکەدا (P-Value>0.05) بە نمرەی ئازادی (339).

خشتەی (7): ڕۆڵی گۆڕاوی دێمۆگرافی بڕوانامە لە سەر سەرمایەی کۆمەڵایەتی نیشان دەدات

| گۆڕاوی دیمۆگرافی | | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەریی | p- value | بەهای (t) | | بەڵگەدارە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| بونیادی | دکتۆرا | 165 | 22.74 | 0.78 | 4.487 | 0.129 | 1.522 | 1.968 | بەڵگەدار نیە |
| | ماستەر | 175 | 21.96 | | 4.957 | | | | |
| مەعریفی | دکتۆرا | 165 | 21.35 | 0.41 | 3.712 | 0.339 | 0.958 | 1.968 | بەڵگەدار نیە |
| | ماستەر | 175 | 20.94 | | 4.149 | | | | |
| پەیوەندیی | دکتۆرا | 165 | 25.27 | 0.54 | 5.370 | 0.368 | 0.901 | 1.968 | بەڵگەدار نیە |
| | ماستەر | 175 | 24.74 | | 5.589 | | | | |

**ئامانجی دووەم: پێوانە کردنی ڕەزامەندی پیشەیی لای بەشدارانی نموونەکە:**

**یەکەم:** بە مەبەستی تاوتوێ کردنی ئاستی ڕەزامەندی پیشەیی بەشدارانی نموونەکە، سوودمان لە تاقیکردنەوەی (t) یەک نموونەیی (One Sample t-test ) وەرگرت کە وەکو لە خشتەی خوارەوە دەبینرێت:

**1_ بە شێوەیەکی گشتی لە کۆی ڕەزامەندی پیشەییدا،** ناوەندی ژمێرەیی (79.39) بە شێوەیەکی بەڵگەدار گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی (75) ئەمەش بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value=0.000<0.05) و هەروەها بەهای (t) دەرهێنراو گەورەترە لە بەهای(t) خشتەیی. هەروەها

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەگەر ناوەندی سەنگکراوی ڕەزامەندی پیشەیی ئەژمار بکەین، بریتی دەبێت لە (3.18) کە دەکەوێتە نێوان ( تارادەیەک لە گەڵیدام و لە گەڵیدام).

**2_ سەبارەت بە ڕەهەندەکانی (بەڕێوەبەری و هاوکاران):** وەکو لە خشتەی خوارەوە دەبینرێت؛ ناوەندی ژمێرەیی بە شێوەیەکی بەڵگەدار گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی (1.968) وهەروەها (P-Value=0.000<0.05). ئەمەش واتە بەشدارانی نموونەکە بە گشتی لەم ڕەهەندانەی ڕەزامەندی پیشەیی ڕازین.

**3_ ڕەهەندەکانی مووچە و دەرماڵە و ژینگەی فیزیکی کار:** خشتەی خوارەوە نیشان دەدات کە ناوەندی ژمێرەیی (12.8) بەشێوەیەکی بەڵگەدار بچوکترە لە ناوەندی گریمانەیی (15) ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە بەها (t) دەرهێنراو گەورەترە لە بەهای (t) خشتەی (1.968) و هەروەها (P-Value=0.000<0.05). ئەمەش نیشان دەدات کە بەشدارانی نموونەکە بەشێوەیەکی بەڵگەدار کەمتر لە ناوەند و لە ژینگەی فیزیکی و مووچەو پاداشتەکانی خۆیان ناڕازین بە چەشنێك کە ئەگەر ناوەندی سەنگکراو ئەژمار بکەین دەکەوێتە نێوان (تارادەیەك ڕازیم و ناڕازیم).

خشتەی ژمارە (8) ئاستی ڕەزامەندی پیشەیی لای بەشدارانی نموونەکە نیشان دەدات

| تەوەر | ڕەهەندەکانی ڕەزامەندی پیشەیی | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەریی | p-value | بەهای (t) دەرهێنراو | بەهای (t) خشتەیی | بەڵگەداریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەزامەندی پیشەیی | ڕەزامەندی پیشەی بە گشتی | 79.39 | 75 | 12.70 | 0.000 | 6.377 | 1.968 | بەڵگەدارە |
| | بەڕێوەبردن | 25.34 | 21 | 5.846 | 0.000 | 13.692 | 1.968 | بەڵگەدارە |
| | هاوکاری | 25.127 | 24 | 4.224 | 0.000 | 4.918 | 1.968 | بەڵگەدارە |
| | مووچەو پاداشت | 12.85 | 15 | 4.338 | 0.000 | 9.127 | 1.968 | بەڵگەدارە |
| | ژینگە | 13.93 | 15 | 3.777 | 0.000 | 5.240 | 1.968 | بەڵگەدارە |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم: دەستنیشانکردنی رۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی (ڕەگەز) لە دروست کردنی جیاوازی لە نێوان بەشدارانی نموونەکە لە ڕەزامەندی پیشەیی:**

بەمەبەستی وردبوونەوەی زیاتر لە ڕەزامەندی پیشەیی رۆڵی گۆڕاوە دێمۆگرافییەکانی ( ڕەگەز و بڕوانامە)مان لە سەر ئەنجامەکان دەرهێنا کە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

به مەبەستی دەرهێنانی كاریگەری گۆڕاوی دێمۆگرافی رەگەز لەسەر هەر یەك لە رەهەندەكانی ڕەزامەندی پیشەیی، تاقیکردنەوەی (t) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (Independent Samples t-test) مان بەکارهێنا. وەکو لە خشتەی (9) دەردەکەوێت؛ لە هیچ یەك لە رەهەندەكانی رەزامەندی پیشەیی (بەرێوەبەری، هاوکاران، مووچەو دەرماڵە و ژینگەی فیزیکی کار) جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری نیە لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا. ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو بچوکترە لە بەهای (t) خشتەیی و هەروەها (P-Value>0.05) بە نمرەی ئازادی (339).

خشتەی ژمارە (9): ڕۆڵی گۆڕاوی دێمۆگرافی ڕەگەز لە سەر ڕەزامەندی پیشەیی نیشان دەدات

| گۆڕاوی دیمۆگرافی | ژمارەی نموونە | | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەریی | p- value | بەهای (ت) دەرهێنراو | بەهای (ت) خشتەیی | بەڵگەدارە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەرێوەبردن | نێر | 211 | 25.37 | 0.09 | 5.516 | 0.897 | 0.129 | 1.968 | بەڵگەدار نیە |
| | مێ | 129 | 25.29 | | 6.372 | | | | |
| هاوکاران | نێر | 211 | 24.92 | 0.55 | 3.876 | 0.271 | 1.103 | 1.968 | بەڵگەدار نیە |
| | مێ | 129 | 25.47 | | 4.734 | | | | |
| مووچەو دەرماڵە | نێر | 211 | 12.55 | 0.80 | 4.673 | 0.081 | 1.748 | 1.968 | بەڵگەدار نیە |
| | مێ | 129 | 13.35 | | 3.688 | | | | |
| ژینگەی فیزیکی کار | نێر | 211 | 13.83 | 0.27 | 3.626 | 0.526 | 0.635 | 1.968 | بەڵگەدار نیە |
| | مێ | 129 | 14.09 | | 4.022 | | | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**سێیەم: دەستنیشانکردنی ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی (بڕوانامە) لە دروست کردنی جیاوازی لە نێوان بەشدارانی نموونەکە لە ڕەزامەندی پیشەیی:**

بە مەبەستی دەستنیشانکردنی رۆڵی گۆڕاوی دێمۆگرافی بڕوانامە لەسەر هەر یەك لە ڕەهەندەکانی ڕەزامەندی پیشەیی، تاقیکردنەوەی (t) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ(Independent Samples t-test) بەکارهێنا. وەکو لە خشتەی (10) دەردەکەوێت: لە ڕەهەندەکانی (بەڕێوەبەری، هاوکاران و ژینگەی فیزیکی کار) جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرادا نیە، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوە کە لە هەر سێ ڕەهەندەکەدا (P-Value>0.05) بە نمرەی ئازادی (339). بەڵام لە پەیوەندیی لەگەڵ ڕەهەندی مووچەو پاداشتەکانی ڕەزامەندی پیشەیی، ناوەندی ژمێرەی هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا (13.40) گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەی هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر (12.34). ئەم جیاوازییەش بەڵگەدار بە سەرنجدان بەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو (2.268) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی (1.968) و هەروەها (P-Value=0.024<0.05) بە نمرەی ئازادی (339). ئەمەش نیشان دەدات کە هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا زیاتر لە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر لە مووچەو پاداشتەکانی خۆیان رازین.

خشتەی (10): رۆڵی گۆڕاوی دێمۆگرافی بڕوانامە لەسەر ڕەزامەندی پیشەیی نیشان دەدات

| گۆڕاوی دیمۆگرافی | ژمارەی نموونە | | ناوەندی ژمێریی | جیاوازی ناوەندکان | لادانی پێوەریی | p- value | بەهای (t) دەرهێنراو | بەهای (t) خشتەیی | بەڵگەدارە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەڕێوەبردن | دکتۆرا | 165 | 25.68 | 0.66 | 5.816 | 0.302 | 1.034 | 1.968 | بەڵگەدار نیە |
| | ماستەر | 175 | 25.02 | | 5.873 | | | | |
| هاوکاری | دکتۆرا | 165 | 25.44 | 0.60 | 3.878 | 0.187 | 1.321 | 1.968 | بەڵگەدار نیە |
| | ماستەر | 175 | 24.83 | | 4.517 | | | | |
| مووچەو پاداشت | دکتۆرا | 165 | 13.40 | 1.06 | 4.425 | 0.024 | 2.268 | 1.968 | بەڵگەدارە |
| | ماستەر | 175 | 12.34 | | 4.201 | | | | |
| ژینگە | دکتۆرا | 165 | 13.98 | 0.10 | 3.614 | 0.816 | 0.233 | 1.968 | |


گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ماستەر | 175 | 13.88 | | 3.935 | | | | بەڵگەدار نیە |

## ئامانجی سێیەم: کاریگەری سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەسەر رەزامەندی پیشەیی:

لەم بەشەی توێژینەوەکەدا بە مەبەستی تێگەیشتنی ورد لە پەیوەندیی نێوان گۆڕاوەکان، دوو مۆدیلی تیۆریمان تاقیکردەوە. لە مۆدیلی یەکەمدا تەنها کاریگەری رەهەندەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتیمان لەسەر رەهەندەکانی رەزامەندی پیشەیی (بە بێ داخلکردنی چۆنایەتی ژیان) تاوتوێکرد. لە مۆدیلی دووەمدا، چۆنایەتی ژیانمان وەکو نێوەندگیر داخل کردو کاریگەرییە ناڕاستەوخۆکانمان لە رێگای چۆنایەتی ژیانەوە دەرهێنا. بەمەبەستی دەستنیشان کردنی کاریگەری گۆڕاو سەربەخۆکان سوودمان لە مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادی (Structural Equation Modeling –SEM) وەرگرت کە بە پرۆگرامی (AMOS – Analysis Moment Structures) جێبەجێ کراوە( بڕوانە وێنەی ژمارە 1). مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادی شێوازێکی شیکارکردنی چەند گۆڕاوی گشتگیرە لە رەچەڵەکی رگرسیۆنی چەند گۆڕاوی. بە دەربڕینێکی وردتر پەرەپێدراوی مۆدیلی هێڵییە (Liner) کە دەرفەتی ئەوە بۆ توێژەر دەرەخسێنێ تاکو هاوکات کۆمەڵێ لە هاوکێشە رگرسیونییەکان جێبەجێ بکات ( Radha and Ahmed,2020: 227) لە خوارەوە ئەنجامە بەدەستهاتووەکان بە وردی دەخرێـتەڕوو:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




وێنەی ژمارە (١) مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادی.

## یەکەم: کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکان لە سەر گۆڕاوە پاشکۆکان بە بێ ڕۆڵی نێوەندگر:

بە مەبەستی وردبوونەوەی زیاتر لە پەیوەندیی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە، بە سوود وەرگرتنی لە مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادین (Structural Equation Modeling –SEM) ، لە نێو پرۆگرامی ئامۆس (AMOS – Analysis Moment Structures) کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکانی (بونیادی، مەعریفی و پەیوەندیی) لەسەر گۆڕاوە پاشکۆکانی (بەڕێوەبەری، هاوکاران، مووچەو دەرماڵە و ژینگەی فیزیکی کار) دەرهێنا کە ئەنجامەکانی ئەم مۆدیلە بەم شێوەیەی خوارەوبوو:

**1_ ڕەهەندی بونیادی** بە بڕی (-1.771) لادانی پێوەری کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئاماری لەسەر ژینگە هەیە، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە .(P-Value<0.05) جۆری ئەم کاریگەرییە پێچەوانەیە، واتە هەرچی ڕەهەندی بونیادی سەرمایەی کۆمەڵایەتی زیاد بکات، ڕەزامەندی لە ژینگەی فیزیکی کەم دەکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2_ ڕەهەندی بونیادی** بە بڕی (2.263) لادانی پێوەری کاریگەری بەڵگەداری ئاماری لەسەر ڕەهەندی بەڕێوەبەری هەیە ، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە .(P-Value<0.05) جۆری ئەم کاریگەرییە ڕاستەوانەیە، واتە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە ڕەهەندی بونیادی سەرمایەی کۆمەڵایەتی، بڕی (2.263) لادانی پێوەری لە ڕەهەندی بەڕێوەبەری زیاد دەکات و بە پێچەوانەکەشی ڕاستە. ڕەهەندی بونیادی کاریگەرییەکی بەڵگەداری لەسەر ڕەهەندەکانی مووچە و هاوکاران نیە، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (P-value>0.05).

**3_ ڕەهەندی مەعریفی** بە بڕی (2.225) لادانی پێوەری کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئاماری لەسەر ژینگە هەیە ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە .(P-Value<0.05) جۆری ئەم کاریگەرییە پێچەوانەیە، واتە هەرچی ڕەهەندی مەعریفی سەرمایەی کۆمەڵایەتی زیاد بکات، ڕەزامەندی لە ژینگەی فیزیکی کەم دەکات.

**4_ ڕەهەندی مەعریفی** بڕی (2.263) لادانی پێوەری کاریگەری بەڵگەداری ئاماری لەسەر ڕەهەندی هاوکاری ڕەزامەندی پیشەیی هەیە ، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە .(P-Value<0.05) جۆری ئەم کاریگەرییە ڕاستەوانەیە، واتە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە ڕەهەندی بونیادی سەرمایەی کۆمەڵایەتی، بە بڕی (2.225) لادانی پێوەری لە ڕەهەندی هاوکاران زیاد دەکات و بە پێچەوانەکەشی ڕاستە. ڕەهەندی بونیادی کاریگەرییەکی بەڵگەداری لەسەر ڕەهەندەکانی مووچە و بەڕێوەبەری نیە، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە.(P-Value>0.05)

**5_ ڕەهەندی پەیوەندیی** کاریگەرییەکی بەڵگەدار ئاماری لەسەر هیچ یەك لە ڕەهەندەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی نیە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value>0.05).

خشتەی ژمارە (11): کاریگەری ڕەهەندەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە سەر ڕەزامەندی پیشەیی

| گۆڕاوی سەربەخۆ | بڕی کاریگەری | P-Value |
|---|---|---|
| بونیاد ⟵ ژینگە | -1.771 | 0.034 |
| بونیاد ⟵ مووچە | -0.250 | 0.688 |
| بونیاد ⟵ بەڕێوەبەری | 2.263 | 0.032 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| 0.252 | 6.344 | بونیاد ← هاوکاری |
| 0.043 | -2.225 | مەعریفی ← ژینگە |
| 0.766 | -0.254 | مەعریفی ← مووچە |
| 0.259 | 8.376 | مەعریفە ← بەڕێوەبەری |
| 0.032 | 2.263 | مەعریفە ← هاوکاری |
| 0.423 | 0.480 | پەیوەندیی ← ژینگە |
| 0.343 | 0.455 | پەیوەندیی ← مووچە |
| 0.187 | -1.032 | پەیوەندیی ← بەڕێوەبەری |
| 0.412 | -2.901 | پەیوەندیی ← هاوکاری |

**دووەم: کاریگەری ناڕاستەوخۆی سەرمایەی کۆمەڵایەتی (لە رێگای چۆنایەتی ژیانەوە) لەسەر رەزامەندی پیشەیی:**

لە هەنگاوی دووەمدا چۆنایەتی ژیانمان وەکو گۆڕاوێکی نێوەندگیر لە مۆدیلەکەمان زیاد کرد (بڕوانە وێنەی ژمارە 1) و هەروەها بە سوود وەرگرتن لە بوتستراپ (Bootstrap) ژمارەی نموونەکەمان بۆ (٣٠٠٠) بەرزکردەوە تاکو کاریگەرییە ناڕاستەوخۆکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەرێگای چۆنایەتی ژیانەوە لەسەر رەزامەندی پیشەیی تاوتوێ بکەین کە ئەنجامەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:

1_ **رەهەندی بونیادی** بەشێوەی ناڕاستەوخۆ (لە رێگای چۆنایەتی ژیانەوە) کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئاماری بە بڕی (-7.642) لەسەر رەهەندی ژینگەیی هەیە. جۆری ئەم کاریگەرییە پێچەوانەیە واتە هەرچی رەهەندی بونیادی زیاد بکات رەزامەندی لە رەهەندی ژینگەیی کەم دەکات.

2_ **رەهەندی بونیادی** بەشێوەی ناڕاستەوخۆ (لە رێگای چۆنایەتی ژیانەوە) کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئاماری بە بڕی (2.153) لەسەر مووچەو پاداشتەکان و بە بڕی (1.382) لە سەر ڕەهەندی هاوکاران هەیە. ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value<0.05). جۆری ئەم کاریگەرییە راستەوانەیە، واتە هەرچی یەکەم زیاد بکات دووەمیش زیاد دەکات. رەهەندی بونیاد کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئاماری لەسەر رەهەندی بەڕێوەبەری رەزامەندی پیشەیی نیە ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value>0.05).

**3_ رەهەندی مەعریفی** بە بڕی (-10.344) کاریگەری پێچەوانەی بەڵگەداری هەیە لەسەر رەزامەندی لە ژینگەی فیزیکی (P-Value=0.000<0.05). هەروەها کاریگەری راستەوانەی بە بڕی (2.915) لەسەر مووچەو پاداشتەکان و بە بڕی (1.870) لەسەر رەهەندی هاوکاران هەیە. بەڵام کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئاماری لەسەر رەهەندی بەڕێوەبەری رەزامەندی پیشەیی نیە ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value>0.05).

**4_ رەهەندی پەیوەندیی** بە بڕی (1.774) کاریگەری راستەوانەی لە رێگای چۆنایەتی ژیانەوە لەسەر رەزامەندی پیشەیی هەیە. ئەم گاریگەرییەش بەڵگەدارە بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value=0.024<0.05). جۆری کاریگەرییەکە راستەوانەیە، واتە هەرچی یەکەم زیاد بکات دووەمیش زیاد دەکات و پێچەوانەکەشی راستە.

**5_ رەهەندی پەیوەندیی** بە بڕی (-0.315) لادانی پێوەری کاریگەری بەڵگەداری ئاماری لەسەر رەهەندی هاوکاران لە پێوەری رەزامەندی پیشەیی هەیە، ئەم کاریگەرییەش بەڵگەدارە بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value=0.042<0.05). ئەم رەهەندە کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئاماری بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لەسەر مووچەو پاداشت و هەروەها بەڕێوەبەری نیە.

خشتەی (12): کاریگەری ناڕاستەوخۆی رەهەندەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە رێگای چۆنایەتی ژیانەوە لەسەر رەزامەندی پیشەیی نیشان دەدات

| گۆڕاوی سەربەخۆ | کاریگەری بڕی | P-Value |
|---|---|---|
| بونیادی ← ژینگە | -7.642 | 0.000 |
| بونیادی ← مووچە | 2.153 | 0.002 |
| بونیاد ی ← بەڕێوەبەری | 0.442 | 0.410 |
| بونیاد ی ← هاوکاری | 1.382 | 0.000 |
| مەعریفی ← ژینگە | -10.344 | 0.000 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| 0.002 | 2.915 | مەعریفی ← مووچە |
| 0.462 | 0.598 | مەعریفی ← بەڕێوەبەری |
| 0.000 | 1.870 | مەعریفی ← هاوکاری |
| 0.024 | 1.774 | پەیوەندیی ← ژینگە |
| 0.103 | -0.491 | پەیوەندیی ← مووچە |
| 0.160 | -0.101 | پەیوەندیی ← بەڕێوەبەری |
| 0.042 | -0.315 | پەیوەندیی ← هاوکاری |

## 5_ دەرئەنجامەکان:

لە سەر بنەمای ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە، توێژەران بە چەند دەرئەنجامێک گەیشتن کە بریتین لە:

1_ بە گشتی لە کۆی ڕەهەندەکان، سەرمایەی کۆمەڵایەتی لای بەشدارانی نموونەکە دەبینرێت و زیاترە لە ئاستی ناوەند. بەتایبەتی لە ڕەهەندی بونیادی کە کارلێک و پەیوەندیی لە ڕێگای تۆڕەکان و چەندێتی و چۆنیەتی ئەو پەیوەندییانە لە خۆ دەگرێت، لای ڕەگەزی مێ زیاترە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لە ڕەگەزی مێ باشتر دەتوانن پەرە بە پەیوەندییەکانی خۆیان لە ڕێگای تۆڕەکانەوە بدەن.

2_ لە سەر ئاستی کۆی ڕەهەندەکان، ڕەزامەندی پیشەیی لای بەشدارانی نموونەکە دەبینرێت، بەڵام لە سەر ئاستی ڕەهەندەکان، ڕەزامەندی پیشەیی لە ڕەهەندەکانی بەڕێوەبەری و هاوکاران دەبینرێت، بەڵام بەشدارانی نموونەکە نارازین لە ڕەهەندەکانی مووچە و دەرماڵە و ژینگەی فیزیکی کار.

هەروەها هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نیوان رەگەزەکان نیە بەڵام سەبارەت بە بڕوانە، هەلگرانی بڕوانامەی دکتۆرا زیاتر لە مووچەکانیان ڕازین بە بەراورد لە گەڵ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر.

3ـ ڕەهەندی مەعریفی بە نێوەندگری چۆنایەتی ژیان کاریگەری پێچەوانەی لە سەر ڕەهەندی ژینگەی فیزیکی هەیە، بەڵام کاریگەری ڕاستەوانەی لە سەر ڕەهەندەکانی مووچە و هاوکاران هەیە، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ڕەهەندی بەڕێوەبەری نیە.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان**

1- حاجی دێلۆیی، هیوا و ئەوانیتر (٢٠٠٩) لێبووردەیی و فەلسەفە، هەولێر: چاپخانەی هاوسەر.

2- خدر، هیوا حاجی (٢٠٢٠) شار و خێڵ و دابەشبوونە ئیتنیکیەکان: خوێندنەوەیەک لە دیدگای تیۆری سەرمایەی کۆمەڵایەتییەوە، لە کتێبی سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشووری کوردستان، هەولێر: ئینستیتووتی سیاسەتی گشتی.

3- زێباری، تاهیر حەسۆ (٢٠١٧) تیۆری هاوچەرخ لە کۆمەڵناسیدا، هەولێر: کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان**

4- الشمری، سالم عواد (٢٠٠٩) الرضا الوظيفي لدى العاملين و آثاره على الأداء الوظيفى؛ دراسة تطبيقية على (القطاع الصناعي في عمليات الخفجي المشتركه) المملكة العربية السعودية، جامعة الملك عبدالعزيز، قسم ادارة الأعمال.

5- حمداوي، عمر و بخوش، أحمد (٢٠١١) دور الرضا الوظيفى فى تحقيق أهداف المؤسسة الجامعية، دراسات نفسية و تربوية، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، عدد ٦.

6- رقيق، وئام (٢٠٢٠) دور الثقافة التنظيمية في تحقيق الرضا الوظيفي للعاملين بالمؤسسة الجزائرية، جامعة محمد بوضياف بالمسيلة، قسم علم الجتماع.

7- على، محمد (٢٠٠٣) درجة الرضا الوظيفي لدى مرشدي و مرشدات المدارس الحكومية في مديريات التربية و التعليم في محافظات الضفة الغربية، فلسطين، جامعة النجاح الوطنية، كلية الدراسات العليا، قسم العلوم الانسانية.

8- فلمبان، إيناس فؤاد نواوي (٢٠٠٨) الرضا الوظيفى و علاقته بالالتزام التنظيمي لدى المشرفين التربويين و المشرفات التربويات بإدارة التربية و التعليم بمدينة مكه المكرمة، رسالة الماجستير، جامعة أم القرى بمكة، كلية التربية.

**سێیەم: سەرچاوە فارسییەکان:**

9- آزمون یار، پویا (٢٠١٧) سنجش رضایت شغلی و پرسشنامەکای رضایت شغلی، نشر آزمون یارپریا، تهران.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

10- اصفهانی، علی نصر و دیگران (٢٠١٦) تاثیر سرمایه اجتماعی بر توانمندسازی کارکنان (مورد مطالعه: پرستاران بیمارستان شریعتی تهران) مجله جامعه‌شناسی کاربردی، سال بیست و هفتم، شماره پیاپی ٦٢، شماره دوم.
11- افشانی، علیرضا و محمدآباد، حمیده شیری (٢٠١٨) سرمایه اجتماعی از نظریه تا سنجش، تهران: انتشارات اندیشه احسان.
12- الوانی، مهدی و علیرضا شیروانی (٢٠٠٦) سرمایه اجتماعی (مفاهیم، نظریه‌ها و کاربردها) اصفهان: مانی.
13- بهاری، رقیه (٢٠١٦) سرمایه اجتماعی و روسپی گری، تهران: فوژان.
14- توسلی، غلامعباس و موسوی، مرضیه (٢٠٠٥) مفهوم سرمایه در نظریات کلاسیک و جدید با تاکید بر نظریه‌های سرمایه‌ی اجتماعی، فصلنامه علوم اجتماعی، شماره ٢٦.
15- تاجبخش، کیان (٢٠١٠) سرمایه اجتماعی اعتماد، دموکراسی و توسعه، چاپ سوم، تهران: نشر شیرازه.
16- دیانی، محمد حسین و دیگران (٢٠١٢) بررسی رابطه بین سرمایه اجتماعی و میزان اجرای مدیریت دانش در کتابخانه‌های دانشگاه فردوسی و علوم پزشکی مشهد، نشریه کتابداری و اطلاع رسانی، دوره ١٦، شماره ٢.
17- روحانی، شراره (٢٠٢١) بررسی تأثیر سرمایه اجتماعی بر عملکرد سازمانی با نقش تعدیل کننده‌ی فعالیتهای کار آفرینی؛ مورد مطالعه آژانس های مسافرتی استان کردستان، دانشگاه غیاث الدین جمشید کاشانی، دانشکده مهندسی صنایع و مدیریت، کارشناسی ارشد رشته مدیریت جهانگردی.
18- رئیس دانا، فریبرز (٢٠١٤) نقد روش شناختی و مفهومی سرمایه اجتماعی، فصلنامه علمی_پژوهشی رفاه اجتماعی، سال چهاردهم، شماره٥٥.
19- شفیع آبادی، عبدالله (٢٠١٤) راهنمایی و مشاره شغلی و حرفه‌ای و نظریه‌های انتخاب شغل، چاپ بیست و سوم، تهران: انتشارات رشد.
20- فتح الهی، سعید (٢٠٠٥) شاخصهای روابط انسانی در حیطه نظارت و راهنمایی آموزشی برای دانشگاه علوم انتظامی، فصلنامه دانش انتظامی، سال دوازدهم، شماره اول.
21- فیلد، جان (٢٠٠٦) سرمایه اجتماعی، ترجمه جلال متقی، تهران: مؤسسه عالی پژوهش تأمین اجتماعی.
22- کلمن، جیمز (٢٠١٠) "نقش سرمایه اجتماعی در ایجاد سرمایه انسانی"، در: سرمایه اجتماعی اعتماد، دموکراسی و توسعه، به کوشش کیان تاجبخش، چاپ سوم، تهران: نشر شیرازه.
23- مهدیان راد، امیراحمد و فضلی، صفر (٢٠١١) بررسی تاثیر سرمایه اجتماعی در توسعه مدیریت دانش (مطالعه موردی؛ سازمان امور مالیاتی کشور) پژوهشنامه مالیات، شماره دوازدهم، مسلسل ٦٠.

24- هرندی، عطالله (٢٠١٥) تبیین نقش سرمایه اجتماعی و انتقال یادگیری سازمانی شرکتهای دانش بنیان، فصلنامه مدیریت توسعه فناوری، سال اول، شماره ٤.
25- هاشمیان فر، علی و چینی، نفیسه (٢٠١٦) نابرابری اجتماعی و سرمایه اجتماعی، تهران: نشر جامعه‌شناسان.

**چوارەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

26- Al-Madi, Faisal and Al-Zawaherh, Abdelghafour (2012), The utility of equity theory in enhancing organizational effectiveness, European Journal of Economic Finance and Administrative sciences, ISSN 1450-2275, Issue 46.
27- Bourdieu, Pierre and Wacquant, L. J. D (1992), An Invitation to Reflexive Sociology, Chicago, University of Chicago press.
28- Conrad, David (2007), defining social capital Electronic Journal of Sociology, ISSN: 1198 3655.
29- Coleman, James S (1988), Social capital in the creation of human capital, American Journal of Sociology, Vol 94, PP 95_120.
30- Dziuba, Szymon T and other (2020), Employees' job satisfaction and their work per formance as elements influencing work safety, Sciendo, V2 issue1, pp 18_25.
31-Hauberer, Julia (2010) Social Capital theory; Towards a methodological foundation, Prague, dissertation Charles University.
32- Ghanbar, Elyasi and others (2012), Impact of social capital the identification and exploitation of entrepreneurial opportunities, Faculty of Business Economics and Entrepreneurship; International Review, No. 3_4.
33- Ghoshal, Sumantra and Nahapiet, Janine (1998), Social capital, intellectual capital and the organization advantage, Academy of Management review, Vol 23, No 2.
34- Ogolo, John Ibinwangi (2016), Equity theory of motivation and work performance in selected South East University, Reiko international journal of business and finance, Vol.8, No.4.
35- Putnam, Robert. D (1993) Making Democracy Work: civil traditions in modern Italy, Princeton University press.
36_ WHO (2012), Programed on mental health, WHO/his/his Rev. 2012. 03.
37- Yanhan, Zhu (2013), A Review of Job Satisfaction, Asian Social Science, Vol. 9, No. 1.
38_ Salih, M. M. and Ahmed, A. S. (2022) "Women activists' view of their rights in the Kurdish society: A field study in the Kurdistan Region of Iraq", Halabja University Journal, 7(1), pp. 89–105. doi: 10.32410/huj-10406.
39_ Araz H Radha, Abas Sh Ahmad, Symbolic Violence and is Relationship with Quality of Learning, Koya on the Road of Civilization, KRC 2019 International Conference. http://dx.doi.org/10.14500/krc2019.Gen262 [available at: https://conferences.koyauniversity.org/index.php/krc/2019/paper/view/262

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Social Capital Relation with Job Satisfaction Among University Teachers- A Field Research About State University in Erbil City.

**Basida Haidar Anwar**
Dartment of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
basida.anwar@su.edu.krd

**Tahir Hasoo Zebari**
Dartment of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
tahir.zebari@su.edu.krd

***Keywords:*** *Social Capital, Job Satisfaction, Coworker, Trust, Quality Of Life*

## Abstract:

This study attempts to examine the relationship of social capital with job satisfaction among university teachers. The research community is teachers of public universities in Erbil, which was taken through a stratified sample of (340) people as the sample of a study. To reach accurate and scientific results, the researchers used descriptive analysis method. Along with measuring the level of social capital and job satisfaction among the sample participants, this study also investigates direct and (through quality of life as a mediating variable) on job satisfaction. The most important findings of the study are: The structural dimension and the cognitive dimension of the social capital scale have statistically significant effects, direct effect, on the managerial and colleague dimensions of the job satisfaction scale. However, the relationship dimension has no statistically documented effect on any of the job satisfaction dimensions.

-----------------------------------------------------------

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# علاقة رأس المال الاجتماعي بالرضا الوظيفي لدى أساتذة الجامعات-

## دراسة ميدانية في الجامعات الحكومية في مدينة اربيل


**ملخص:**
تحاول هذه الدراسة فحص علاقة رأس المال الاجتماعي بالرضا الوظيفي لدى أساتذة الجامعات. ويتكون مجتمع البحث من أساتذة الجامعات الحكومية في مدينةأربيل، والتي تم أخذها من خلال عينة عشوائية طبقية قوامها (340) مفردة كعينة الدراسة. واستخدم الباحث أسلوب التحليل الوصفي للوصول إلى نتائج دقيقة وعلمية. بالإضافة إلى قياس مستوى رأس المال الاجتماعي والرضا الوظيفي (المهني) لدى المشاركين في العينة، حاولت هذه الدراسة إيجاد التأثيرات المباشرة وغير المباشرة لرأس المال الاجتماعي (من خلال نوعية الحياة كمتغير). توصلت الدراسة أيضاَ، إلى أن البعد الهيكلي والبعد المعرفي لمقياس رأس المال الاجتماعي لهما تأثيرات ذات دلالة إحصائية على الأبعاد الإدارية لمقياس الرضا الوظيفي والتأثير المباشر. كما أن بُعد العلاقة ليس له تأثير موثق إحصائياً على أي من أبعاد الرضا الوظيفي.

**الكلمات المفتاحية:** رأس المال الاجتماعي، الرضا الوظيفي، زميل العمل، الثقة، جودة الحياة